کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
29-12-2006 22:00بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# قائمقام و سەرۆکی شارەوانی کۆیە، درۆیان کرد ... علی کۆیی

پاش ئەوەی لە بەرواری 2006/12/23 هەواڵی رفاندنی مقاویلێکی ساختەچی تورکمان بلاوکردەوە کە لەلایەن قامقام و سەرۆکی شارەوانی کۆیە لەدەست پۆلیسیان دەرهیناو رفاندیان و نەیانهێشت فەرمانی دادگا جێبەجێ بکرێت. بەقسەی خۆیان ئەو کات دەیانگووت: رۆژی یەکشەممە تسلیم بە دادگای دەکەین!!! تاکو ئەمڕۆ 2006/12/28 رۆژی پێنجشەممەیە، مقاولە تورکەکەیان تەسلیم بە دادگا نەکردۆتەوەو، بەڵکو لەمەش خراپتر وەك چۆن لە کاتی دەربازکردنی تۆمەتبارە تورکەکە، هەڕەشەیان لە پۆلیسە دڵسۆزەکان دەکرد. ئەوە بوو لە بەرواری 2006/12/22 واتە رۆژێك دوای کردارە پڕ لە شەرمەزاریەکەیان، توانیان (3) ئەفسەری دڵسۆز (سحب الید) بکەن، لە بری ئەوەی دەستخۆشیان لێبکەن و کار ئاسانیان بۆ بکەن، بێگومانم ئەم رەفتارە نایاسییانەشیان لە پێناوی چەند دۆلارێکە کە بە سەری شۆڕەوە لە مقاولە تورکە ساختەچییەکەی وەردەگرن. (ئافەرین بۆ خۆتان و شەرەفی میهنیتان) !!!

حەق وایە لایەنە بەرپرسەکان بە تایبەتی وەزارەتی ناوخۆ و داد هەڵوێستیان هەبێت.

2006/12/28